
خەونامەی کوردی



43879

کۆکردنەوەو وەرگێڕانی
عبدالسلام محمد نبی

سلێمانی
2008

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

مافی له چاپدانەوەی ئەم خەونامەیە پارێزراوە تەنها بۆشێخ ئەنوەر

پێناسی کتێب

ناوی کتێب : خەونامەی کوردی

کۆکرنەوەو وەرگێڕانی : عبدالسلام محمد نبی

نۆبەتی چاپ : چاپی شەشەم

شوێنی چاپ : چاپخانەی گەنج

تیراژ : (١٠٠٠) دانە

رقم الاياع في المكتبة الوطنية بغداد (١٣١٩) لسنة ١٩٨٥

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

پێشەکی

خەون دیتنوو لێکدانەوەی لە دێر زەمانەوە لە لایان زوربەی کۆمەڵی ئادمیزادەوە ئەوپەڕی بایەخی پێ دراوەو بە گرنگی تەماشای کراوە بەر لە هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە هەزاران ساڵ زۆر کەسی ناودار خەونی دیوەو بە گوێرەی لێکدانەوەی زانایانی ئەو سەردەمە ئەنجامە کەی ڕووی داوە بۆ نمونە وەکوو خەونە کەی پاشای بابل - [نبو خذنصر] کە خەونی بینیو لای وابوو لە مەزرانیکی پانوو بەرین بەردێکی بچووک هەر گەورە بوو، وە پەیکەرێک کە سەری لە زێڕ بوو سنیگوو زگی لەزیو بوو وە قاچی لەمس بوو لەو مەزرایە لە نزیکی بەردەکە هەبوو ئەو بەردە هەر پڕپشکی بەردینەی لێ دەبۆوەوە و لە پەیکەرە کەی دەداد هەندێکی لێ دەشکاند تاکوو بە تەواوی لە ناویدا:

(نبو خذنصر) داوای لە زانایانی ئەو وەختە کرد کە مانای خەوەکەی بۆ لێک بدەنەوە بەڵام کەسیان نەیان زانی واتای خەونە کە چیە بەڵام لەو وڵاتی بابل کە دیلی بەنی ئیسرائیلی لێ بوون یەکێک لە دیلەکان کە ناوی دانیال بوو، وە پێغەمبەر بوو مانای خەونە کەی بۆلێدایەوە بەم جۆرە فەرمووی بەردەکە پەیدا بوونی پێغەمبەرێکی مەزن و دەستەڵاتدارە کە لە هۆزی عارەبە پەیدا دەبێ و چەندان پاشای زۆردار بە دەستی ئەو لە ناو دەچێو دونیا بە هۆی ئەو دەبێتە گوڵزاری خواپەرستی و دادوەری و نەمانی بوت پەرستان لە دونیادا کە ئەم ڕووداوەش بە هەزاران ساڵ بەر لە هاتنی پێغەمبەر بوو!

هەروەها لە فەیلەسوفەکان ئەفلاتوونو سوقراتو سمیادو ئەبەقرات

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

زۆر بایەخیان بە خەون داوەو پێناسەیان کردووە هەر وەکوو بوزەر جومهەری ساسانی و کۆنفۆشیوسی چینی و برزای هیندی و زەرادەشتی کوردی زۆربە گرەنگی تەماشای خەونو مانای خەونیان کردووە.

ئەوتا ئایینی ئیسلامیش ئەوپەڕی گرنگی بە خەونو مانای دەدات قورئانی مەزن کە چاوەکەی بێگەردی ئایینی ئیسلامە باسی چەند خەونو مانای خەونە کە باس دەکات وەکوو خەونە کەی پاشای میسرو خەونی ئیبراهیم پێغەمبەر بۆ کوشتنەوەی کوڕی خۆی ئیسماعیل پێغەمبەر هەروەها خەوەکەی پێغەمبەری مەزن (محمد) د.خ: کە لە مەدینەی پیرۆز بۆ حەج کردن: هەروەکوو خەونی یوسف کوڕی یەعقوب کە ووتی بابە لە خەوما یازدە ئەستێرەو مانگو ڕۆژ لە خەوما کوڕنووشیان بۆم هێنا ئەویش فەرمووی خەوەکەت لای برایانت باس مەکە وە مانای خەوەکەت وا دەردەکەوێ کە خوا تۆ بەرز دەکات فێری لێکدانەوەی مانای خەونت دەکات و کذلک یجتبیک ربک و یعلّمک من تأویل الاحادیث: زۆربەی زانایانی ئیسلام دەفەرموون مەبەس لە ووشەی الاحادیث: خەونە فێر کردنی ماناکەیەتی هەروەها خوای مەزن لە مەدحی ئیمانداران دەفەرمی لهم البشری في الحیاة الدنیا:

ئەوانەی بڕوایان بە من هەیە ئەوە موژدەی خۆشیان دەدرێنی لە دونیادا مامۆستایانی ئایینی دەفەرموون مەبەس لەو مزگێنیەیە خەونی باشە کە خۆیان دەی بینن یان بۆیان دەدیترێ:

ئەبو هورەیرە کە یەکێکە لە یارانی پێغەمبەر فەرمویەتی زۆربەی ڕۆژان کە لە دەوری پێغەمبەر کۆ دەبوونەوە دەیفەرموو کێتان خەونکتان دیوە بۆمی بگێڕنەوە.

وە شەرع زانانی ئایینی ئیسلام دەفەرموون دانانی بانگی بە خەون

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بووە بەم جۆرە کاتێ کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەقام گیر بوو وبستیان شتێ دا بێنن کە کاتی نوێژ بوون خەڵک بزانێ بە هۆی ئەو شتەوە هەندێ ووتیان کاتی بوونی نوێژەکان ئاگر دەکەینەوە هەندێکیش ووتیان ناقۆس لێدەدەین بەڵام شەو لە خەودا چاردە کەس لە یارانی پێغەمبەر جوبرایلیان لە خەو دیت کە ووشەی بانگدانی پێووتن وە یەکێک لەو چاردە کەسە عومەری کوڕی خەتتاب بوو ئەوانیش هەمووبان خەوەکەیان عەرزی پێغەمبەری مەزن کرد ئەویش بڕیاری لە سەرداو بوو بە دروشمی کاتی بوونی نوێژ هەروەها پێغەمبەری بەڕێز (محمد) فەرمودیەتی: رویأ المؤمن جزوء من ستة و اربعین جزأ من النبوة:

واتە خەونی ئیماندار بەشێکە لە چل و شەش بەشی پێغەمبەرایەتی وە هەزاران بەڵگەی پتەو هەیە کە ئایینی ئیسلام ئەو پەڕی گرنگی داوە بە خەون نەک لە بەر ئەوە کە خەون پەیوەندی بەس بە ئایینی هەبی بەڵکو لە بەر ئەوە کە خەون ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە پەیوەندی بە هەموو ئادمیزادەوە هەیە وە زانایانی بە ناوبانگی ئیسلام زور دربارەی دواون وخەوبنان بە حەقیقەتی ڕاستی دەرخستووە وە بە بەڵگەی بەهێز ئەمەیان پوچ کردۆتەوە کە هەندێ کەس دەڵێن خەون ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا ڕووەدات دەبیندرێتەوە وە ناوی ئەبرێ بە خەون. مامۆستا محمودی زەمەخشەری و ماموستا فارابی و مامۆستا ئەبوعەلی سینا شێخی غەزالی و شەیخ عبدالقادر گەیلانی و ئەبو نەجیبێ سەهرەوەردی و شەیخ عبدالواحدی یەمانی و مامۆستا خالیدی کوردی و مەلاحەیدەری ماوەرانی و عالمی بەناو بانگ دەربارەی خەون دواوون و سەلماندوویانە کە خەون هەبوونێکی ڕاستەقینەو دووەە لە هۆرینەو دووبارە بوونەوەی ڕووداوی ژیانی ڕۆژانە:

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

خەون لە لایان زانایانی (تصوف) بە بەبامیکی پیرۆزی یەزدانی بو نادمیزاد داندراوە وە دەفەرموون کە خەو پەیوەندی بە گیانەوە هەیەو بەس:

چوونکە کاتێ کە خوا هەموو گیانی نادمیزادی دروست کرد هەموو گیانێک بە پاکی دروست کرا وە هەموو گیانێک ئاگاداری هەموو ڕووداوی بوونەوەر کرا تاکوو تێک چوونی ئەستیرەی زەوی:

جا ئەگەر ئەو گیانە هاتە بەر بەدەنێکی واکە بەهۆی تاوانباریبەوە گەردی نەگرتو بەڕوناکی مایەوە ئەوە ئەو گیانە لە بیداری و بێ خەویدا شت ئەبینی و ئەزانی کە ئەم شت زانینەش یادی ڕۆژی خۆیەتی کە دروست کراوە وە بەم زانینە ئەوترێ (کرامەت) کە عیلم ناوی ناوە (الحاسة السادسة) هەستیاری شەشەم بەڵام ئەگەر گیان کەوتە بەر بەدەنێکی ژەنگاوی کراو بەهۆی کوفرو تاوانباری ئەوە دەبێتە پەردە لە نێوان یادکردنەوەی گیانەکە بۆ شتی نەهاتوە ناینا سیتەوە بەڵام نادمیزادکە نووست لە بەر ئەوە لە کۆمەڵی تاوانباری دوور دەبێتەوە ئەو کاتە دەتوانێ ئەو شتەی لە کاتی خۆی دیویە بیناسیتەوە یادی بکاتەوە کە ئەمەش خەونی پێ دەوترێت بەڵام ئەم ڕووداوەش بە گوێرەی پایەی پێغەمبەران نیە چونکە خەونی پێغەمبەران هەر بە سروش واتە [وحی] دەژمێر درێت لە بەر ئەوە پێغەمبەران کە خەوبان لێ کەوتوە دڵیان هەر ئاگادارەو نەخەوتوە:

بەڵام تاکوو ئێستاش زانایانی دەروون ناسی و پزیشکەکانی دەروون لە مەتەڵی: خەون سەربان سورماوە بۆیان دەرنەکەوتوە کە خەو چیە. جا لام وایە ڕۆژێک دێت زانایان بەوپەڕی گرنگی و بایەخ پێدان سەیری خەو دەکەن و پڕۆگرامو کتێبی بۆ دادەنین:

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

سەرچاوەکان:

١ـ منتخب الكلام في تفسير الاحلام: تأليف العالم المعبر ابن سيرين الكردي.
٢ـ تعطير الانام في تعبير المنام: تأليف العالم المعبر عبدالغني النابلسي.
٣ـ كتاب الاشادات في علم العبادات: تأليف العالم ابن شاهين.
٤ـ حياة الحيوان: للشيخ الدميري الكردي.
٥ـ كيمياى سعادت: تأليف الشيخ محمد الغزالي. باللغة الفارسية.
٦ـ تفسير الرؤيا: تأليف حسن بن البهلول.
٧ـ تعبير الرؤيا: لأرطاميدورس الامنسى.
٨ـ پرتو جانها: تأليف العلامة نصير الطوسي باللغة الفارسية.
٩ـ اعانة الطالبين: تأليف الفقيه الجليل زينى دحلان.
١٠ـ مرشد المعبرين: تأليف العالم الزاهد ملا عبدالقادر سەری کانی خۆشناو.

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library